# ئافرەت لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامی دا

نووسینی: هیمن عبدالعزیز

---

گومانی تیانی یە کەوا خوای پەروەردگار پلەو پایەی ئافرەتی بە مەودایەك بەرز کردۆتەوە کە ئافرەتان خۆیان هەستیان بەم مەودایە نەکردووە! کاتێ کەوا تیشکی خۆری ڕێنمایی باڵی بەسەر بەندەکانا هێنا ، ئافرەت بوو بە سەرمایەی دروەکان و بوو بە دایکی ڕاستە قینەی کۆمەڵگەی ئیسلامەتی.. هیوای دا بە تێکڕای ئافرەتانی سەر زەمین.. ڕێزو بەهای هێناوە شوێنی خۆی.. لە جیاتی ئەوەی بکرێت بە گۆشتی قەسساب و لە بازاڕەکان نمایش بکرێت وەك کەل و پەل، ئەمجارەیان خۆی بوو بە مایەی شکاندنی بوتی تەپیوی جاهیلی.. ئافرەت بوو بە مامۆستا.. بوو بە ڕاوێژکارو فەرمان کار.. بوو بەو دایکەی کەوا نەوەی نوێ بۆ ئیسلام هێنایە پێش و کردی بە ئەداتی سەرخستنی ئەم ئایینە.. بەڵێ ڕووناکی ئیسلام سۆزو بەزەیی خستە مێشکی پیاوان و شەڕەف و کەرامەتی پێ پاراستن بە پا بەند کردن و هاتنە پێشەوەی ئافرەت بە لەچکەو شەرم و شکۆی دین داریانەوە.. تا وای لێ هات ئافرەت هیچ شتێکی کەمتر نەبێت لە پیاوان ئەگەر زیاتریش نەبن ؟

ئەمجارەیان لە هەموو بووارەکانەوە شان بەشانی پیاوان، تا  ئەمانیش پشکی بەڕێوە بردنی مل ملانێی ژیانیان چنگ کەوت..

بۆیە ئەبێ ڕێزی لێ بگیرێو قەدرو حورمەتی بپارێزرێت.. بۆیە خوای پەروەردگار زۆر ڕیزی لێ ناوەو بەهەشتی لەبەر پێ ناوە.. دەبا بزانین کە لە قورئان و سوننەتە بە پێزەکانی پێغەمبەر ﷺ چۆن باس لە ڕێزی ئافرەت ئەکات:

## خوای گەورە دەفەرموێ:

١. ﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ النساء:١٩ . واتە:با ڕەفتارو کردارو گوفتارتان چاك و جوان بێت لە گەڵیاندا.

٢. ﴿ وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْساً فَكُلُوهُ هَنِيئاً مَرِيئاً ﴾ النساء: ٤. واتە: مارەیی ئافرەتان بدەن بەو پەڕی دڵفراوانی و ئاسودەییەوە، خۆ ئەگەر بە ئارەزوو ویستی خۆیان دەستیان هەڵگرت لە هەندێك مارەیی و بەخشییان بە ئێوە، ئێوە بۆتان هەیە بیخۆن و بەکاری بێنن، وە بەبێ دوو دڵی نۆشی بکەن.

## پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

١. ( اسْتوْصُوا بِالنِّساءِ خيْراً ، فإِنَّ المرْأَةَ خُلِقَتْ منْ ضِلَعٍ ، وَإِنَّ أَعْوجَ ما في الضِّلعِ أَعْلاهُ ، فَإِنْ ذَهبتَ تُقيمُهُ كَسرْتَهُ ، وإِنْ تركتَهُ ، لَمْ يزلْ أَعوجَ ، فاستوْصُوا بِالنِّسَاءِ ) متفقٌ عليه عن أبي هريرة ﷺ . واتە: دەگەڵ ئەفرەتاندا چاك بنـ چون ئافرەت لە پەراسوو درووست کراوە، خوارترین بەشی پەراسوو بڵندترینیانە، گەر چووی ڕاستت کردەوە ئەشکێت، گەر لێشی گەڕێیت هەر بە خواری و ناسکی ئەمێنێتەوە، کە وابوو زۆر ئاگاداری ئافرەتان بن.

٢. ( أَكْمَلُ الْمُؤْمنين إِيمَاناً أَحْسنُهُمْ خُلُقاً ، وَخِيارُكُمْ خيارُكم لِنِسَائِهِم ) رواه التِّرمذي وقال : حديثٌ حسنٌ صحيحٌ وعن أبي هريرة ﷺ. **واته:کاکڵ ترین بڕوای ئیمانداران ئەو کەسەیە کە جوانترین ڕەوشتی هەبێت، وە چاکترین کەستان کەسەن کە بۆ خێزانیان باش بن.**

٣. ( الدُّنْيَا مَتَاعٌ ، وَخَيْرُ مَتاعهَا الْمَرْأَةُ الصَّالحةُ ) رواه مسلم عن عبدِ اللَّه بنِ عمرو بن العاص رضي اللَّه عنهما. **واته: دونیا خۆشیە، چاکترین خۆشیش ئافرەتی ساڵحەیە.**

## ئافرەت لە سەردەمی نەفامی دا :

**سەرەتا عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ دەفەرموێ: ( بەو خوایە لەسەردەمی نەفامی هیچ حسێبێکمان بۆ ئافرەت دا نەئەنا ! تا ئیسلام هات و هەر ئافرەتەو لەشوێنی خۆی داناو هەر یەکەو هەقی خۆی بۆ دیار کرد ) ئەمە قسەیەکە چونکە عومەر وەختێ بوو کە لەسەر دەمی نەفامی ئەژیا، بۆیە چاك لەو سەردەمە حاڵی ببوو.. بەڵام ئێمە کە لەو سەردەی ئەو نەژیایین، بۆیە پێویستە کە چاوێك بەم مێژووە تاریکەی ئەم سەردە دا بگێڕین و بە تیشکی ڕووناکی ئیسلام بە نێو کون و کەلەبەر تاریکەکانی دا بچینە خوار ئینجا ئەزانین کە تا پێمان پێوە هەن ڕائەکەین و ئاوڕێ نادەینەوە. ! دەبا بزانین چۆن:**

**لە سەدەمی نەفامی ئافەرەتانیان بە هەموو چەشن لە میرات بێ بەش ئەکردو دەیانگوت: تەنها ئەو کەسە میرات ئەبات کە هەقی هەڵگرتنی شمشێری هەیە. بۆیە گەر پیاوێك بمردایە و کوڕو کچێکی بوایە، ئەوا تەنها کوڕەکە میراتی وەر ئەگرت ، خۆ ئەگەر کوڕی نەبوایە، ئەوا ئەیاندا بە پیاوێك لە خزمەکانی، جا**

باوكـی بـێت، یـان مامـی یـان بـرای.. یـان گەر پیاویچك بمردایەو ژنێك و چەند منداڵێكـی لـە دوا جێ مابایـە، ئـەوا كـوڕەكەی بـۆی هەبـوو كـە دایكـی مـارە بكاتـەوەو میراتەكـەش تـەنها بـۆ خـۆی بـبات!. ( ابن جریر رحمه الله ) دەڵێ: ئەگـەر پـیاوێك بـاوك و بـراو كـوڕی بمـردایە و خۆشـی لە دوای ئەوان بمردایەو تـەنها ژنـی مابایـەوە، ئەوا یەكێك لە خزمەكانی ئەهات مارەی ئەكردەوە تاكو میراتەكـە بـەو بـبڕێت.! هـەروەها دەڵـێن: ئەگـەر پاوێـك لـە ژنەكـەی منداڵـی نەبـوایە، ئـەوە ئافـرەتەكەی ئەهێـناو ئەیـدا بـە شـاعیرێك، یـان سـوار چـاكێك ماوەیـەك لای ئەوی دا ئەنا، كاتێ كە ئافرەتكە سكی بوایە، ئینجا ئەیهێنایەوە لای خۆی!! هەروەها دەڵێن: گەر خواردنێكی خۆش هەبوایە، ئەیندا بە كوڕان و كـچانیان لێ ی بێ بەش ئەكرد! هەروەها جۆرە نیكاحێكیان هەبوو كە پێ ی ئەگوترا ( البدل والمبادلة ) دوو پیاو ئەهاتن، بۆ ماوەیەك هەر یەكەو ژنی خۆی ئەدا بەوی ترو ماوەیەك لەگەڵی ئەژیان و سەرجێییان لەگەڵ ئەكردن.!!

هـەروەها دەربـارەی تەڵاق ، هێندێ جاران لە هێندێ سەردەم تەڵاق بەدەست ئافـرەت بـوو، هـەر كاتـێ بیانویـستایە ئەوان مێردەكانیان تـەڵاق ئەدا، نەك بە پێچەوانەوە. ( ألأغانی ) لأبي الفرج.

هـەروەها كاتـێ كە ئافرەتێك مێردی بمردایە، ئەبوایە، كە جلی ڕەش بپۆشن و سنگ و بەرۆكی خۆیان دا بڕن و بەشەقان لە خۆیان بدەن و .. ئەمەو یەك دانە سـاڵ ئەبـوایە بـەم شـێوە بیابان.! هەروەها نەدەبوایە كە جلی نوێ بپۆشن و خۆیان بشۆن و نینۆكیان بكەن و پێ بكەنن.!!

كاری لە هەموو كارێ نابووت تر، ئەوە بوو كە یەكێك كچی بوایە ئەبوایە زیندە بەچـاڵی بكـات و بـە زیـندووی چاوان ژێر خاكی بكات.!!وەك خوای گەورەش

ئـەم ڕاستیەی دووپات کردۆتەوە وەك دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ ﴾ التكوير:٨ ـ ٩ . قەتادە ئەڵێ: هێندێ لە نەفامەکان گەر کچیان بوایە، ئەهاتن وەك مەڕ سەریان ئەبڕیەوە ! !

ئەمانـەی کـە بـاس کـران چـەند نموونەیەکـی زۆر کـەم بـوون، دەربـارەی ئەم سـەردەمە تـارك و ئاڵۆزکاوە.. بەڵام ئەبینین کاتێ کە خۆری ئیسلام هەڵدێت، هەمـوو ئـەو کـارە نەفـیانەی کە ئەم سەردەمە ئەکران، یاساغی کردن و ڕێچزو مەکانەتێکی زێڕینی بۆ ئافرەت دانا. هەم لە ڕووی یەکسانی پاوو ژنەوە بگرە، تا مەدالیای شەڕەفی دایکێتی بۆ نەوەی نوێی ئیسلام..

دەبا بێین و چەند نموونەیەك لەم هەقیەقەتە بخەینە ڕوو:

## ئافرەت لە ئیسلامدا :

کەواتە دەبێ ئافرەت ڕێزی زۆری لێ بگیرێ، هەر بۆیە ئیسلامیش گرنگی زۆری پێداوە، ئەو کاتەی کە ئیسلام حاکم و دادورە بوو، ئافرەت ئەو پەڕی ڕێزی لێ نرابوو، لە هەموو شتێکا مافی پارێزراو بوو، هەر بۆیە ئەگەر چاوێك بە ژیانی ئافرەت بدەین لە ژێر سایەی سەردەمی زێڕینی ئیسلامی دا ئەوا شتی زۆر سەیرو سەمەرە لە ژیانی زێڕینی ئافرەت دا ئەبینین، دە با چاوێك بەو مێژووە زێڕین دا بخشێنین سەرنج دەین داخوا ئافرەت لە ژێر سایەی ئیسلامدا چ گرنگی یەکی پێدراوە:

## ئافـــــــرەت و زانست:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ ﴾ الأحزاب:٣٤. واتە:هەرچی لە ماڵەکانتاندا دەوترێت یادی بگرن و فەرامۆشی مەکەن، لە ئایەتەکانی خواو ( فەرموودە بە نرخەکان کە پڕن ) لە

دانایی، بە ڕاستی خوا بەردەوام بە لوتفەو زۆریش ئاگایە ( لە هەڵس و کەوتی بەندەکان ). هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ( طلب العلم فريضة على كل مسلم) أخرجه ابن ماجة. واتە:داواکردنی زانست و زانیاری واجبە لەسە رهەموو مسوڵمانێك. ئەمانەی کە باس کران، ئاماژە دانن بە ئەهمیەتی زانست و زانیاری، بۆیە ئەبینین کەوا پیغەمبەر ﷺ لەم ڕووەوە زۆر گرنگی بە ئافرەت داوە، بۆیەئەم هەستەی لای ئافرەتانی ئەم سەردەمە، درووست کردبوو، هەروەك ئەبینین مەجلیسێکی تایبەتیان دانابوو، بۆ گوێ گرتن لە فەمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ هەر وەك لە ( أم عطية ألأنصارية ) ڕەزای خوای لێ بێت، دەگێڕنەوە، کە دەفەرموێ: ( پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردین کەوا لە جەژننی ڕەمەزان و قوربان‌دا بەشداری فەرمایشتەکانی بکەین گەر کەسێکیش لەش پیس یان حەز دار بوایە، تەنها ئەهات گوێی دەگرت، بەڵام لە نوێژەکان بەشداریان نەدەکرد ( ئەڵێ ) بە پێغەمبەر ﷺ مم گوت: هەیە لە نێو ئێمە سەرپۆشی نیە تا لەسەری بکات و بێت بۆ مزگەوت و، فەرمووی: با لە خوشکەکەی بخوازێت ) متنفق علیه. هەروەا لە ( فتوح البلدان ) دا هاتووە: کەوا لەسەر دەمی نەفامی ( حفصەی کچی عومر داییکی بڕوادارن ڕەزای خوای لێ بێت، خۆی فێری خوێنەواری ئەکرد لای ئافرەتێك بە ناوی ( الشفاء العدوية ) کاتێکیش کەوا حەفصە شووری کرد بە پێغەمبەر ﷺ داوای لە مامۆستا کۆنەکەی کرد کە ئەمجارەیان فێری خۆشنووسی و خەت خۆشی بکتات، هەروەها ( لەسەرەتا فێری خوێنەواری کردبوو ) ( تربية الأولاد في الإسلام ) و ( مجموع للنووبي ) ٩/ ٥٥ ) . هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ( نعم النساء نساء الأنصار، لم يمنعهن الحياء أن يتفقهن في الدين ) رواه البخاري.

واتە: چاكترین ئافرەت ئافرەتانی پیشتیوانە، كەوا شەرم و شكۆكانیان ڕێی ئەوەی لێ نەرگتن كە شارەزای ئایین ببن. گەر ئاوڕێك لە عائشە دایكی بڕوادارن خۆی بدەینەوە. ( ڕەزای خوای لێ بێت، دەبینین كە چۆن لە شەریعەت و بەرنامەی خوا بەهرەوەر ببوو، هەر بۆیە بۆتە جێگای شایەتی پیچشەوایانی ئیسلام، لەوانە: زوهری دەڵێ: گەر زانست و زانیاری عائشە بەراورد كەین لە گەڵ زانست و زانیاری تێكڕای ئافرتان، دەبینن كە زانست و زانیاری عائشە لی هی هەمووان زیاتر و بەرفراوانتر بوو. ( عطاء ) ئەڵێ: عائشە زاناترین كەسە، ڕای ئەم لە هەموو ڕای ئافرەتانی تر پەسەنترە. ( موسى بن طلحة ) ئەڵێ: نەمبینیوە هیچ كەس لە عائشە زمان پاراوتر بێت. ( عروة بن زبير ) دەڵێ: كەسم نەبینیەە كە لە عائشە شارەزا تر بێت لە شەریعەت و زانستی پزیشكی و شیعر. ( أبو موسى الأشعرى ) دەڵێ: ئێمە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هەر كێشە یەكمان لە فەرموودەی پێغەمبەر لێ درووست بوایە، پرسیارمان لە عائشە دەكردو لای ئەم وەڵامەكەیمان چنگ ئەكەوت. ( زركشى ) دەڵێ: سێ چارەگی شەریەت لە ( عائشة ) وەرگیراوە.

بەڵێ لە كاتێك كەوا ئیسلام حاكم بوو، ئەبینین كەوا ئافرەتان نەك قوتابی بوون، بەڵكو لە ئیسلاما ئەبینین كە مامۆستا بوون و ڕۆڵەی ئیسلامیان پێ ئەگەیاندن و زاناو پیچشەوای بەرچاویان بۆ ئوممەتی ئیسلام درووست كردبوو، ئەوتا ئەبینین یەكێكی وەك ( حافظ ابن العسارك ) كە یەكە لە توێژەرەوە هەرە بەناو بانگەكانی فەرموودە، لای هەشتاو سێ تا هەشتاو نۆ مامۆستای ئافرەتی خوێندووە؟!! ئەمە نموونەیەكی هەر زیندووی ئەم سەردەمە زێڕینە

بوو، گەر ئاوڕێك بە نێو باخ و گوڵ و گوڵزاری ئەم سەردەمە بدەینەوە، هەزارانی وەك ئیمام ( حافظ ) ئەبینین. بۆ نموونە:

❁ کچی سەعیدی کوڕی موسەییەب ( ڕەزای خوای لێ بێت ) کاتێ کەشووی کرد بە یەکێ لە قوتابیەکانی باوکی، بەیانی مێردەکەی ویستی بچێتە دەروە، ئافرەتەکە پێی گوت: بۆ کوێ ئەچیت؟ ئەویش گوتی: ئەچم بۆ مەجلیسی سەعید و عیلم فێر ئەبم، ئەویش پێی گوت: دانیشە من عیلمی سەعیدت فێر ئەکەم.

❁ یەك لە قوتابیەکانی ئیمام مالك ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ( الموطأ ) ی لە لای مالك ئەخوێند، هەر کاتێك کەوا قوتابیەکە، هەڵەیەکی بکردایە، ئیمام مالك پێی نەزانیایە، کچێکی ئیمام مالك لە پشت دەرگاکەوە، بە باوکی ئەگوت: هەڵەی کرد بۆ چاك کەوە؟!!.

❁ لە ( أشهب ) دەگێڕنەوە، کەوا کاتێك لە مەدینە بوو، ڕۆژێك هێندێك میوەی لە کەنیزەیەك کڕی، ئەم کاتەش میوەیان نەدەفرۆشت بە نان نەبوایە، گوتی بەکەنیزەکە: هێندێ میوەم بدەرێ، ئێوارە کە نانیانبۆ هێناین، وەرر نانەکەت ببە، کەنیزەکەش گوتی: من ئەوە ناکەم، چونکە درووست نیەو خواردن بە خواردن نافرۆشرێت! چونکە دەست بە دەست نیە!، ئەمیش کە ئەمەی لێ بیست، گوتی: ئەم کەنیزەیە هی کێ یە؟ پێیان گوت: ئەمە کەنیزەی ( ئەنەسی کوڕی مالك )ە.

❁ ( علاء الدين السمرقندي ) خاوەنی کتێبی ( تحفة الفقهاء ) کچێکی هەبوو، بە نێوی ( فاطمة ) هەموو ( تحفة ) ی لای باوکی لەبەر کردبوو، زۆر لە پاداشاکانی ڕۆم داوایان کردبوو، کەچی باوکی ڕەتی ئەکردنەوە، کاتێك کەوا (

أبو بكر الكاسانی ) كه ناسرا بوو، به ( ملك العلماء ) كتێبی ( البدائع ) نووسی كه شه‌رحی: ( تحفة ) بوو، ناردی بۆ مامۆستاكه‌ی كه ( علاو الدين السمرقندی ) خۆی بوو، ئه‌میش زۆری پێ خۆش بوو، له پاداشتی ئه‌مه، كچه‌كه‌ی خۆی پێ به‌خشی؟!! ماره‌ییه‌كه‌شی ته‌نها هه‌ر كتێبه‌كه بوو!! هه‌ر بۆیه له‌م سه‌رده‌مه ده‌یانگوت: ( شرح تحفته وتزوج ابنته )، واته: شه‌رحی توحفه‌ی كردو كچه‌كه‌ی خواست؟!!!

۞ خێزانی ( الحافظ الهيثمي ) كه‌وا كچی ( حافظ العراقي ) بوو، یارمه‌تی مێرده‌كه‌ی ئه‌دا، بۆ پێداچوونه‌وه‌ی كتێبه‌كانی فه‌رمووده.

۞ یه‌ك له مامۆستاكانی ( محمد بن حمزة الحسيني ) ئافره‌تێك بوو به ناوی: زه‌ینه‌بی كچی كه‌ماڵ .

۞ یه‌ك له مامۆستاكانی ( السبكي ) ئافره‌تیچك بوو ناوی ( وزيرة بنت حمزة بن المنجي ) بوو.

۞ فاتیمه‌ی كچی جه‌وهه‌ر ئافره‌تێك بوو،یه‌ك له قوتابیه‌كانی ( ابن قيم الجوزي ) بوو.

۞ ( ست القضاة بنت الشيرازی ) ئافره‌تێك بوو، یه‌ك له قوتابیه‌كانی ( ئیمام أحمد بن فضل الله العمري ) بوو.

۞ ( الشيخ العطية محمد سالم ) ئه‌ڵێ: كاتێ مامۆستا بووم، له ( أحساء ) به چاوی خۆم دانه‌یه‌كی فه‌رمووده‌كانی ( ابو داود ) م بینی، كه‌وا خوشكێكی (صلاح الدين الأيوبي) قسه‌ی له‌سه‌ر كردبوو!!

۞ ( عبدالله عفيفي ) به‌ر چاوترین ئافره‌تانی مه‌غریب ئه‌وانه‌ن كه خه‌ریكی قورئان له‌به‌ر كردن و كۆكردنه‌وه‌ی فه‌رمووده‌ن، باسی دیهاته‌كه‌ی خۆیان

ئەكات و دەڵێ: نزيك هەشتا ئافرەتی تيايە گشتيان هەموو قورئان و ( الموطأ ) ی ئيمام مالكيان لەبەرە.

❁ ( عبدالواحد المراكشي ) ئەڵێ: لە ( ربظة )ی ڕۆژ هەڵات لە ( قرطبة ) سەدو هەفتا ئافرەت هەموو قورئان بەخەتی كوفی ئەنووسنەوە؟!!

خوێنەرانی سەنگین.. خوشكانی مسوڵمان:

ئەمانەی كە باس كران چەند نموونەيەكی كەم بوو، لە زنجيرە ژيان ئافرەتانی مسوڵمان لەسەردەمی زێڕينی ئيسلامی دا، كە چۆن هەميشە لە ژيانی خۆيان خزمەتيان بە ئايينە پيرۆزەكەی ئيسلام گەياندووە، بە هەواڵ و كۆششی شەوو {ۆژيان ناويان لە مێژووی بەر فراوانی ئيسلام تۆمار كردووە.

## ئافرەت و خەباتكاری:

*يەكەم: خاتوو خەديجە (ڕەزای خوای لێ بێ) خۆری ئيسلامی بەر دەكەوێ:*

كاتێ كەوا تيشكی زێڕينی ئيسلام باڵی بەسەر بەندەكانا هێنا.. يەكەم دڵ كە ڕووناكی بۆ هات دڵی خاتوو خەديجەی دايكمان بوو ( ڕەزای خوای لێ بێت)، تا بەرە بەرە دڵانی تريشی گرتەوەو ڕێنمای كردن..

بەڵێ خاتوو خەديجەی كچی خويلد خێزانی پێغەمبەری نازدار و دايكی بڕواداران (ڕەزای خوای لێ بێت) بە تيشكی هيدايەت بەهرەمەند بوو و دەروازەی دڵی بۆ خوا واڵا كردوو ڕووناكی ئەم دينەی بۆ چوو و هەموو كون و قوژبنەكانی لاشەی پيرۆزی گرتنەوە.. بەڵێ خاتوو خەديجە بوو بە مايەی مەشخەڵی ڕێو ڕێگا تاريك و تەنگەبەرەكانی بۆ باقی ئافرەتانی تر فراوان و ڕووناك كردوو و كردنی بە سەر مايە بۆ ئەم ئيسلامە پيرۆزە.. تاوای كرد فێری

خۆ ڕاگری و  گیان فیداکاری کردن و کردنی بەسەربازێکی بەوەفا بۆ ئەم ئیسلامە شیرنە، بۆیە لە هیچ پەرچێکا نەدەسلەمین و بەرەو پێش ئەچوون، بەو نیازەی تا سەرکەوتن وەدەست بێنن یا نامەی شەهادەت بسێنن.. با سەرنج دەین داخوا ئەم قوتابیەیە دڵ نەبەزانە چۆن بوو چیەیان کرد.

*دووەم: (سوومەییەی کچی خباط ) ی خۆ ڕاگر و دایکی (عمار) ی دڵ پڕ لە باوەڕ( ڕەزای خوایان لێ بێت):*

قوڕەیشیەیەکان دوای ئەوەی کە ئەیانبینی وا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵك باوەش بۆ ئەم ئیسلامە وەر دەینن و باوەڕی پێ دەهێنن.. هەڵسان بە ئازارو ئەشکەنجە دانی بڕواداران، یەك لەم دایکانەی کەوا بۆ ئیسلام هاتە پێش و ئامادە بوو  کە گیانی خۆی بۆ ئەم ئیسلامە بەخت بکات و لە چاو شیرن تری کات .. سومەییەی دایکی عەممار بوو (ڕەزای خوایان لێ بێت)، بەڵێ سومەییەی دڵ پاك کەوتە بەر شالآوی دڕندانەی قوڕەیشیەیە دڵ ڕەقەکان و دەستیان کرد بە ئازاردانی؟! سومەییە یەك بوو لەم حەوت کەسەی کە هەر زوو باوەڕیان بە پێغەمبەر ﷺ  هێنا ، قوڕەیشیەیەکان لە ماڵ هێنایانە دەرو لە ڕۆژێکی زۆر گەرما خۆی و یاسری خواناسی مێردی کوڕە شیرینەکەیان عەممار ( خوا لە هەمووان ڕاوی بێت ) لەسەر خاکی گەرمی بیابان ڕاخست و بە بەردو بە قامچی بێ ویژدانی بێ باوەڕان هەموو لەشیان ئەنجن ئەنجن دەکردن و  ئەشکەنجەیان ئەدان. ئا لەم سات و دەمەش دا پێغەمبەری نازدار ﷺ بە لایاندا ڕەت ئەبوو و دەیفەرموو: (صبراً آل یاسر، موعدکم الجنة) واتە: ئارامتان هەبێت ئەی خاوو خێزانی یاسر، بەڵێنتان بەهەشتە. عەمماری خوا ناسی کوڕی زۆر خۆی نەگرت و بە تۆبزی وایان پێکرد کەوا ناوی خواکانیان

به چاك ببات، ئەميان ئازاد كرد، دايكى شيرينى عەمماريش ئارامى گرت لە ژێر ئەشكەنجەی بێ باوەڕان، نەيانتوانى تۆزقاڵێ لە باوەڕەكەی كەم كەنەوە، ئەم هەڵوێستەی ئەم هێندەی تر كەللە ڕەقانى قوڕەيشى تووڕەتر كرد، بۆيە هەر لەوێ ئەبو جەهلى دڵ ڕەق گيانى دڵى پڕ لە باوەڕی بە نێزەی غەدرو خيانەت هەڵدڕی ؟ هەر بۆيە سومەييەی خواناس و خۆڕاگر مەداليای ( يەكەم شەهيد) لە ئيسلامى پێ بەخشرا..

ئەو كاتەيش كەوا لە شەڕی بەدرا ئەبو جەهليان بە دۆزەخ شاد كرد، پێغەمبەری خوا ﷺ بە عەممارى فەرموو: خوا بكوژی دايكتى كوشتەوە (سيرة ابن هشام)

***سێيەم: (زەنيرە) جاريەی عومەری كوڕی خەتتاب ( ڕەزای خوايان لێ بێت) دەچێتە گەر كاروانى شەهيدان:***

زەنيرەی دڵ پڕ لە باوەڕ ئەو كاتەی كەوا دڵى بە نوورى ئيسلام گەشايەوە.. ئامادەی هەموو خەم و ناسۆرێك بوو كە هەڵيگرێت.. بەس بۆ ئەوەی خوێنی ئەميش ببێتە مايەی گەشەكردنى ئەم ئيسلامە پيرۆزە، بۆيە كوفر نەيتوانى چۆك بەميش دا بدات..

زەنيرەيان گرت شيشى پۆلاينيان لەو پەڕی پلەی گەرميا سوور ئەكردو لەشى گۆش بوو بە ئيسلاميان پێ داخ دەكرد.. لە ژێر ئازارو ئەشكەنجەی قوڕەيشىيە بى بەزەييەكان.. گيانى پيرۆزی لە دەست داو هەر دوو چاوی لە بينين كەوتن و كوێر بوون ؟ بێ باوەڕەكان ئەمەيان بە هەڵ ئەزانىو پێيان گوت: ( ئەمە خواكانى ئێمە، لات و عوززا چاوەكانى كوێر كرديت) ئەميش بە ئەسپايى ئەيگوت: بەو خوايە وانىيە، لات و عوززا چى ئەزانن كە كێن ئەيان

پەرستیٚ، بەڵام ئەمە کاری ئاسمانە، خوای گەورە دەسەڵاتدارە بەوەی کە بتوانیٚ چاوەکانم ڕۆشەن کاتەوە و چاکیان کاتەوە، بۆیە دەڵێن خوای گەورە لەو سات و دەمە چاوەکانی چاك کردنەوە.. لەم سەریشەوە قوڕەیشیەکان دەیانگوت ئەمە سیحری موحەممەدە! تا لە دواییا ئەبو بەکری سەددیق زەنیرەی کڕیەوەو لە پاشان ئازادی کرد.

*چوارەم: حەججاج بە هیچ شت دەروەست نایە؟!*

ڕۆژیٚ ئافرەتێکیان هێنایە لای حەججاج ، حەججاج قسەی لە گەڵا دەکرد، کەچی ئەم هەر سەیریش نەدەکرد؟! دارو دەستەی حەججاج بە ئافرەتەکەیان گوت: پێشەوای بڕوادارن قسەت لە گەڵا دەکات و تۆش سەیری ناکەیت؟! ئەمیش پیٚ گوتن: من شەرم دەکەم سەیری دەم و چاوێك بکەم کە خوا سەیری چڕو چاوی نەکات!!

ئافرەتێکی تریان هینایە لای، حەججاج پیٚی گوت: بەو خوایە دەبیٚ وات لیٚ بکەم کەوەك دروێنە ئاسا بتدرووممەوە!! ئەمیش پیٚی گوت: ( زۆر سەیرە) خوا ئەیچێنیٚو تۆش ئەیدووریتەوە؟ کوا دەسەڵاتی بەندەکان لە بەردەم دەسەڵاتی خوا؟

*پێنجەم: خەنسای دایك ئامۆژگاری کوڕەکانی دەکات:*

خەنسای خواناس و بڕوادار ئامۆژگاری چوار کوڕە جەرگ سۆزەکەی دەکات، کە کوڕی بوون، جەرگی بوون، جگەر سۆز و گلێنە چاوی بوون، ئەڕۆیشتن بۆ شەڕی قادسیە، ئامۆژگاری دەکردن و پیٚی دەگوتن: ( ئەی کوڕە شیرینەکانم .. ئێوە بە خۆشی خۆتان مسوڵمان بوون، بە ویستی خۆتان هیجرەتتان کرد، بەو خوایەی کە غەیری ئەو خوای تر نیە، ئێوە لە یەك پیاوا درووست بوو

ون، هەروەك كوڕی یەك ئافرەتیشن، ناوو ناو بانگیم بۆ دا نەناون، خێڵ و حەشیرەتم نەگۆڕیون، بزانن کەوا ڕۆژی دوایی چاكترە لەم دونیا كاتیەیە، ئارامتان هەبێت و ئارامیش بدەن بەیەكا، لە سەنگەرا بن و لە خوا بترسن، تاكو خوای گەورە بە رەحمی خۆی سەرتان بێخێ، گەر شەڕێكتان بینی ئەژنۆی تیا دەشكێت، گڕو تینی شەڕ بڕواتان پۆڵاتر كات، شمشێری چاك بوەشێنن، پشتی دوژمن بقرتێنن..

بەڵێ ئەم كەڵە پیاوانە بوون بە جێگای گومانی چاكی دایكیان، لە نێو بەرق و بریقی شمشێرەكان تێك چڕژانی لەشكری ئیسلامی و لە شكری كوفرا.. ڕاسپاردەی دایكیان بە جێ هێناو هەموو تێكڕا شەهید بوون و لێی كەوتن.. كاتێ کەوا هەواڵیان بۆ دایك هێنا ، كە چوار جگەر گۆشەكەی لە مەیدان دا گلاون و شەهید بوو ون، تۆزقاڵێ بەسەر خۆی دا نەهێناو فەرمووی: ( سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەوا شەرەفی كوژرانی كوڕەكانی پێ بەخشیم، لە خوا دەخوازم كەوا لە ژێر ڕەحمەتی خۆی كۆمان كاتەوە..) ئەمە مەودای خۆڕاگری و لە خۆ بوردەیی بوو.. كە خوای گەورە دای بە دایكانی بڕوادار و خواناسی وەك (خەنسا)..

***شەشەم: ( صفیە) هێرش ئەباو ناوەستێ!***

(صفية)ی كچی ( عبدالمطلب) و ئامۆژنی پێغەمبەر ﷺ و دایكی ( زبێری كوڕی عەووام) و خوشكی (حەمزە) ٠ (خوا لە هەمووان ڕازی بێت)، لەشەڕی ئوحد خۆیو چەند ئافرەتێ تر دەر چوون بۆ تیمار كردنی موجاهیدە زامدارەكان، كاتێ كەوا مسوڵمانان خەریك بوو شكست بێنن، دوای ئەوەی فەرمانی پێغەمبەریان شكاند، زۆربەی زۆری مسوڵمانان دەوری پێغەمبەر ﷺ یان چۆل

کرد!! کۆمەڵێکی کەم نەبێت لە دەوری مانەوە! ( صفية) کە ئەمەی بینی لەم لاوە ڕا هات و نێزەیەکی لە دەست بوو هەڵسا بە لێدانی ئەوانەی کەوا ڕایان دەکرد! و دەیگوت: ( شکستتان بە پێغەمبەر هێنا؟!!)، کاتێ کەوا پێغەمبەر ﷺ ( صفية)ی بەم جۆرە بینی، بانگی زوبێری کردو فەرمووی بچۆ دایکت بگێڕەوە، چونکە ئەو نازانێت کە براکەی ( حەمزە) شەهید بووە! ئەمیش چوو پێی گوت: دایکی شیرینم ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانت پێ دەکات کەوا بگەڕێیتەوە.. ئەمیش گوتی: بۆچی؟ من پێم گەیشتووە کەوا براکەمیان ( واتە حەمزە ) پاش کوشتنی ئەتك کردووە، بەڕاستی ئەمە بۆ خوا شتێکی زۆر کەمە! بە خوا خوا بەم جۆرە لێمان ڕازی نابێت! نەخێر: من هیوای شەهیدی ئەخوازم و ئارامیش دەگرم (إنشاء الله)!!

زوبیر گەڕایەوە لای پێغەمبەرو هەڵوێستەکەی دایکی پێ ڕاگەیان، ئەمیش فەرمووی: دەکەوا بوو لێی گەڕێ، کاتێ ( صفية) هاتە سەر تەرمەکەی (حەمزە)، سەیرێکی کردو دوعای بۆ کرد و پاشان گەڕاندیانەوەو داوای لێ خۆشبوونیان بۆ کرد، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دا کەوا بینێژن..

هەروەها پیغەمبەر ﷺ لە شەڕی ( خندق) ، ئافرەتەکانی لە شوێنێکی قاییم لە مەدینە جێ هێشت، جوولەکە ئەمەی بەهەڵ زانی، بۆیە یەك لە جوولەکەکان لە قەڵای ئافرەتەکان نزیك بووەوە ، کاتێ کەوا ( صفية) بەمە ئاگادار بۆوە، ئەڵێت: منیش لێی نزیك بوومەوە شمشێرێکم لە گەردەنی دا و سەریم لە لاشەی جیا کردەوە، سەرەکەیم هێناو فڕێم دایە ناو جوولەکەکان..!

*حەوتەم: بەڵایەك لەدوای تۆ هیچ شتێ نییە( کل مصیبة بعدك جلل..!)*

کاتێ کەوا پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لەشەڕی ( أُحد)  گەڕانەوە، خەڵکی مەدینە تێکڕا ڕژانە شارو بۆ پرسیار کردن لە گیانی پێغەمبەر ﷺ ، لە نێوان حەشاماتی خەڵکەکە ئافرەتێك هەبوو کە لە تیرەی بەنی دینار بوو، لە کاتێکا کە باوك و مێردو براکەی و کوڕەکەی لەم شەڕە دا شەهید ببوون، کاتێ کە پێیان گوت: کەس وکارت شەهید بوو ون، فەرمووی: کوا پێغەمبەر ﷺ؟ ( هەموو ئەمانی لە بیر کردو پرسیاری گیانی پێغەمبەر ﷺ ی دەکرد) ئەمانیش پێیان گوت: ئەم گیانی سەلامەتە، باوەڕی نەکرد گوتی: ئەمەوێ بیبینم! کاتێ کە بینی زیندووە، گوتی: ( دایك و باوکم بە قوربانت بێت ئەی پێغەمبەری خوا هەموو بەڵایەك لەدوای تۆ هیچ شتێ نیيە).

***هەشتەم: نوسەیبەی کچی کەعب وەك پیاو شەڕ ئەکا!!***

نوسەیبەی کچی کەعب ڕەزای خوای لێ بێت لە شەڕی ئوحد لە گەڵ هاوەڵان دەرچوو، بۆ گێڕانی ئاوو تیمار کردنی زامدارەکان، کاتێ کەوا بینی شەڕ گەرمەو خەریکە مسوڵمانان شکست بهێنن، خۆی پێ نەگیراو خۆی کوتایە ناو گەرمەی شەڕو وەك پڵنگ هێرشی ئەبرد و وەك شێر دەینەڕاند، بەهەموو هێزی خۆیەوە شمشێری ئەوەشاندە ملی ملهوڕان و کەڵێنی ئەخستە ڕیزی بێ باوەڕان، بێ باوەڕەکان هەرچیيەکیان لە گەڵا ئەکرد دەروەستی نەدەهاتن و لەبەر دەستیا ڕایاندەکرد! بۆیە هەرچیيەکیان ئەکرد تا بگەن بە پێغەمبەر بەڵام لەدەست نەعرەتەی پڵنگ ئاسای نوسەیبە گیریان خواردبوو و بێ هوودە تا بگەن بە مەبەست!! نوسەیبە بە هەموو جۆر شەڕی دەرکرد، تاوێ نێزەی ئەوەشاند، تاوێ تیری ئەوەشاند ، تاوێك شمێشری لەملان ئەسواند و ملیانی ئەپەڕاند.. ئەمە لە کاتێکا بوو کەوا دەورو بەری پێغەمبەر ﷺ تەنها ( أبو

بكرو عومەر و سەعد و زوبێر و عباس و  کوڕەکەی مێردەکەی لە تەکا بوون)..

ئەم بە دەوری خۆی هەوڵی ئەدا کەوا مەترسی‌یەکان لە پێغەمبەر ﷺ دوورخاتەوە.. بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: ( *سەیری لای ڕاستم ئەکرد نوسەیبە بوو، سەیری لای چەپم دەکرد نوسەیبە بوو، سەیری دوای خومم دەکرد نوسەیبە بوو، سەیری پێشەوەم دەکرد هەر نوسەیبە بوو کە شەڕی دەکرد؟!!* ) عەممارەی کوڕی دەڵێت: من لەم شەڕە دا قۆڵێکم بەری کەوت و زامدار بوو، زۆر بە توندی بەرم کەوتبوو، ماوەیەك بەسەر داچوو لە شەڕەکە خوێنەکە هەر نەدەوەستا، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووم: بچۆ با دایکت بۆت ببەستێتەوە، ئەڵێ چوومە لای دایکم ، ئەمیش بە پەلە دەرمانی برینەکەی کرد و پاشان بەستیەوە، ئینجا پێی گوتم: ( جا هەڵسە زووکە بچۆوە شەڕ) ، پێغەمبەریش ﷺ پێی دەفەرموو: کێ وەك تۆی پێ دەکرێت ئەی دایکی عەممارە، ئەمیش دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئادەی پێم نیشان دە کە کام کەسەیە وا بەم جۆرە لە کوڕەکەمی داوە؟ دەڵێ پێغەمەبەریش ﷺ کابراکەی نیشاندا و فەرمووی: ئا ئەوەتا ئەمە هەوە، ( نوسەیبە) دەڵێ: هەر کە پێغەمەبەر ﷺ ئاماژەی بۆ دام یەکسەر ڕوو بەڕووی بوومەوە شمشێرێکم لە قاچی وەشاندو پەڕاندم!! ئەڵێ: چاوم لێ بوو کەوا پێغەمبەر ﷺ پێ کەنی تا بینیم دانەکانی بە دیار کەوتن..

دەگێڕنەوە کەوا نوسەیبە لەم شەڕە دا لە سێنزە لاوە بریندار کرا!! یەك لەم برینانەی شمێرێك بوو بەر ملی کەوتبوو و برینداری کرد بوو، سەرەڕای هەموو ئەم برینانەیش دیسان هەر وەك پڵنگ هێرشی ئەبردو نەئەگەڕایەوە!!

*تۆیەم:  سەربازی وون بێ باوەڕان شپرزە ئەکات!!*

له شەڕێکا بە سەرکردایەتی ( خالیدی کوڕی وەلید) ڕەزای خوای لێ بێت: ( ضراری کوڕی ئەزوەر) بە دیلی ئەگیرێت! کاتێ کەوا خالید ئەمە ئەبیستێت، سووپاکەی خۆی کۆ ئەکاتەوە بۆ هێرش بردنە سەر بێ باوەڕەکان بۆ ڕزگار کردنی ( ضرار). لە ڕێگا بوون بینیان کەوا سوارێك دەمامکی خۆی داوە و زۆر تیژ ڕائەکاو پێش سوپاکە ئەگرێتەوە، کاتێ خالید ئەم سوار چاکەی بینی، گوتی:( خۆزگە ئەم زانی کەوا ئەم سوارە کێیە؟!) خالید و هاوەڵانی زۆریان کرد تاکو بزانن کەوا ئەم سوار چاکە کێیە، خالید شوێنی کەوت و خەڵکیش بە دوایەوە.. کاتێ کەوا گەیشتنە لەشکری ڕۆمەکان، لەشکری ئیسلام و کوفرو بێ باوەڕان کەوتنە نێو یەکترو بە توندی دەبەریەك ڕاچوون.. لەم گەرمەی شەڕە سوارچاکە پڵنگ ئاساکە هەمدیس بە دیار کەوتەوە دە مامکی خۆی دابوو، وەك شێر چەکی لە خۆ دابووو خۆی ئەکوتایە ناو جەرگەی شەڕو هەڵی ئەکوتایە سەر بێ باوەڕەکان.. گیانی خۆی ئەخستە مەترسی یەوە کەچی ئەم هەر باکی نەبوو، کافرێکی زۆری لە خوێنا گەوزاند، هەڵیئەکوتایە سەرهەمووان و لە هەموو لایەکەوە بە دیار ئەکەوت و شەڕی ئەکرد، مسوڵمانان بەش بە حاڵی خۆیان کەتبوونە سەرنج و تێڕامانی ئەم پاڵەوانە نەناسراوە: کە چۆن وەك بروسکی گڕ دار تیشك ئەهاوێ و جەرگی کوفری پێ ئەهاڕێ.. خالید زۆر پێ یەوە سەرسام بوو تا گەیشتە لای ( رافع ی کوڕی عمیرە) پێی گوت: ئەی خالید ئەم فارسە کێ بوو کەوا لە بەر دەم تۆ شەڕی دەکرد؟ بەڕاستی خۆی زۆر ماندوو دەکرد و زۆر ئازایانە شەڕی دەکرد! خالیدیش گوتی: بە و خوایە منیش زۆر پێی سەرسامم، من زۆرم هەوڵ دا تاکو بزانم کێیە .. بەڵام هەر نەمزانی.. لەم قسانە بوون دیسان بینرایەوە کە

وەك  ئەستێرەی کون کەر خۆی کوتایەوە ناو گەرمەی شەڕو هێندێکی تری لە بێ باوەڕان مردار کردەوە! هەر یەکێك لە بێ باوەڕان بیدیتایە خۆی لێ لا ئەداو لە بەری ڕا دەکرد! تا کاتێ هاتەوە ناو ڕیزی سوپای مسوڵمانەکانەوە، ئەمانیش دەورەیان لێ داو داوایان لێ کرد کەوا خۆی ئاشکرا کات و دەمامکەکە لەدەم و چاوی خۆی دامالێت، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، ئەم جارە خالید  کەوا سەرکردەی مسوڵمانەکانە داوای لێ دەکات کە خۆی ئاشکرا کات ، کەچی هەر بێ هوودە بوو، بەڵام سوارەکە کاتێ بینی کە خالید هەر سووڕە لەسەر خۆ ئاشکرا کردنی، فەرمووی: ( ئەی خالید ، پێشەوای مسوڵمانان ، من ناتوانم دەمامکی خۆم لاببەم چونکە شەرمت لێ دەکەم، چونکە تۆ پێشەوایەکی بەڕێزیت ، من ئافرەتم ، ناتوانم لە ڕووی خۆم هەر بماڵم ، بۆیەش وام کرد تاکو جەرگی بێ باوەڕان بسووتێنم، من جەرگ سووتاوم، تامەزرۆی شەڕی خوێناوم ) خالید پێی گوت: تۆ کێیت؟ ئەمیش گوتی: ( من خەولەی کچی ئەزوەرم ، من لە گەڵ ئافرەتانی تیرەکەی خۆم بووم، تا یەکێك هات گوتی براکەت بە دیل گیراوە، منیش خۆم پێ نەگیراو سواری ئەسپەکەم بووم و ئەوەم کرد کە بینیت) کاتێ خەلید ئەمەی بیست و ڕووی کردە لەشکرەکەی و پێی گوتن: ئەم سوارە لەگەڵ خۆتان ببەن .. ئەم جارە خۆیان کوتایە شەڕو خەولەش لە گەڵیان ، تا لەشکری ڕۆمیان شپرزە کرد، هەر شوێنێکیان دەگرت ، براکەی لێ نەبوو، ئەمانیش شەڕەکەیان بەردەوام پێدا تاکو لە کۆتاییا براکەی ڕزگار کرد و  لە گەڵ خۆی هێنایەوە..

***دەیەم: ئافرەتانی مەدینە دەرگا لە مێردەکانیان ناکەنەوە!***

دوای ئەوەی کەوا خالیدی کوڕی وەلید ڕەزای خوای لێ بێت لە شەڕی (مؤتة) پاشە کشەی کردو گەڕایەوە شاری مەدینە، لە قەراخ شار ڕوو بەڕووی خەڵکی مەدینە بووەوە، خەڵکەکە بانگی لێ دەکردن، دەیانگووت ( یا فرار، یا فرار، فررتم في سبيل الله) واتە: ئەی ڕاکردووەکان، ئەی ڕا کردووەکان، لە پێناو خوا ڕاتان کرد؟؟ خۆڵیان بە دەم و چاوا ئەپرژاندن، پێغەمبەریش ﷺ دەیفەرموو: ( ليسوا بفرار، ولكنهم كرار إنشاء الله) واتە: ڕایان نەکردووە، بەڵکو دەگەڕێنەوە بە ویستی خوا) لە گەڵ ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ وای دەفە رموو، بەڵام خەڵکی مەدینە هەر بە چاوی کەم سەیری سوپاکەیان دەکرد.. هەتا هی وا هەبوو لە ئافرەتان دەرگایان لە مێردەکانیان نەدەکردەوە، پێیانی دەگوتن: چونکە ئێوە لە گەڵ ئەو کەسانە بوو ون کە ڕایانکردوەو ژیانی دونیایان خۆشتر ویستووە لە شەهید بوون لە ڕێگەی خوا..؟!!

*یانزەیەم: بەو پەڕی ئارامیو لێزانینەوە:*

لە ئەنەسی کوڕی مالك ( ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕنەوە: ئەمیش لە دایکیەوە (أم سليم)، خێزانی ( ابي طلحة زيد بن سهيل) ، دەڵێت: (برایەکم نەخۆش بوو کە لە (أبى طلحة) بوو، کە نازناوی ( ابا عمير) بوو، ڕۆژێ ئەبو تەڵحە چوو بۆ مزگەوت، مناڵەکە مرد، ( أم سليم) یش هەڵسا مناڵەکەی کفن و دفن کرد، ئینجا پێی گوتم: کەوا بە باوکی نەڵێم، کاتێ کەوا ئەبو تەڵحە لە مزگەوت گەڕایەوە، ئافرەتەکە خۆی بۆن خۆش کردبوو، ئەبو تەڵحە پێی گوت: کوا مناڵەکەمان ؟ ئەمیش پێی گوت، ئەمڕۆ زۆر خۆش خەوتووە کەوا قەت تا ئێستا بەم چەشنە نەخەوتووە، شەو ئافرەتەکە خواردنی بۆ مێردەکەی ئامادە کرد، دوای نان خواردن ئافرەتەکە خۆی بۆ ئامادەکرد و

ئەم شەوە حەمامی خۆیان کرد، دوای ئەوەی کە هەموو کارەکانی خۆی لە گەڵ تەواو کرد، ئینجا ڕووی کردە ئەبوو تەڵحەی مێردیو پێی گوت: (ئەی ئەبو تەڵحە،ماڵی فلاَن کەس هێندێ پارەیان لە ماڵەکەی دراوسێیان قەرز کردووە، کەچی خاوەن قەرز ئێستا داوای قەرزەکەی دەکاتەوە، کەچی ئەم نایداتەوە، ئەمیش فەرمووی: ئەمە ڕەوای هەق نی یە، ئەبێ بیداتەوە؟! ئەمیش پێی گوت دەکەوا بوو، کوڕەکەت قەرز بوو لە لامان خاوەن قەرز کە خوایە داوای کردوو بۆ خۆی بردیەوە!! ئەبو تەڵحە کە ئەمەی بیست سوپاسی خوای کرد، گوتی: بەو خوایە لێت ناگەڕێم لەوەی کەوا ئارامیم بەسەرا ئەسەپێنیت، تاکو بەیانی ئەمەی بۆ پێغەمبەر ﷺ نەگێڕمەوە، کاتێ کەوا پێغەمبەر ﷺ بەمەی زانی، فەرمووی: ( خوا بەرەکەت خاتە ئەم شەوەتان) ئەمە بوو کەوا خوای گەورە ئەم شەوەی پیرۆز کردن تاکو (عبدالله ی کوڕی طلحة)ی پێ بەخشین، هیچ پشتیوانێك منالێکی ئاوا جوان و ژیری پێ نەبەخشرا؟!! ( عبدالله ی کوڕی أبي طلحة) ش نەمرد تا خوای گەورە دە کوڕی پێ بە خشی تێکڕا قورئانیان هەموو لە بەر بوو و تا خۆشی لە ڕێگەی خوا شەهید بوو!

*دوانزەیەم: گورج و گۆڵی خۆ ڕاگری ئافرەت:*

کاتێ کەوا ( عبد الله ی کوڕی فەرەج) وەفاتی کرد، خێزانەکەی نەیکرد بە هاوارو شین و لە خۆدان و بێتە دەر و دونیا لە خۆی کۆ کاتەوە، بەڵکو ئەم خۆی ڕاگرت و ئاگاداری هیچ کەس لە هاوەڵەکانی عبدالله نەکردەوە، لە کاتێکدا کە هاوەڵەکانی لە بەر دەرگای ماڵی عبدالله ئاپۆرەیان بەستبوو و، دوای ئەوەی ئافرەتەکە تەرمی مێردەکەی شووت و پاشان کفنی کرد ئینجا

هاتــه ده رو بــه هاوه‌ڵه‌كانــی گــوت: وه‌رن عـبدالله وه‌فاتــی كـردووه مـن هه‌موو شـتێكیم تـه‌واو كـردووه، هاوه‌ڵه‌كان هاتن ته‌رمه‌كه‌یان برد وبه‌ره‌و گۆرستان و ئافره‌ته‌كه‌ش له دوای ئه‌وان ده‌رگاكه‌ی داخست؟ ! !

## ئافره‌ت و به‌ندایه‌تی

هه‌ڵبه‌ت ئافره‌تان ئه‌گه‌ر له ڕووی به‌ندایه‌تی یه‌وه شتێك له پیاوان ز زاتر نه‌بن، كـه‌متریش نـین، گـه سـه‌رنجێك لـه ژیانی پڕشنگداران هه‌ر له‌سه‌رده‌می زێڕپیند بـده‌ین، دیـسان شـتی عـه‌جایب و سـه‌ر سـوڕهێنه‌ر لـه‌باره‌ی به‌ندایه‌تـیانه‌وه ئه‌بینین، له‌وانه:

۞ (زه‌ركه‌شـی له كتێبی ( الإجابة ) ده‌ڵێ: ( كانت عائشة رضي الله عنها تصوم الدهر ) واته: عائشه به ڕۆژگار به ڕۆژوو ئه‌بوو! هه‌روه‌ها عروه ده‌ڵێ: ( عائشه هـه‌ر شـتێكی لـه ڕزقـی خـوا كه‌وتـبایه ده‌ست، یه‌كسه‌ر ئه‌یكرده خێر ). رواه الـبخاري. هـه‌روه‌ها ده‌ڵـێ: معاویه سه‌د رهه‌می بۆ عائشه نارد، ئه‌ویش به‌سه‌ر هه‌زارانـی به‌خـشیه‌وه‌و هیـچی بۆخـۆی نه‌هێـشته‌وه، ، ( بيرة ) ده‌ڵێ: ( تۆ به ڕۆژیـت، ئایا هیچێكت بۆخۆت پاشه‌كه‌فه‌ت نه‌كرد تا له‌ته‌گۆشتێكی بۆخۆت پی بكڕیت ) ئه‌ویش فه‌رمووی: ( گه‌ر به‌بیرت هێنابامه‌وه ئه‌مكرد ) رواه الحاكم.

( ابن ابی ملیكه ) ده‌ڵێ: ابن عباس هات و ئیزنی له عائشه خواست كه بچییێته لای، عائـشه‌ش فه‌رمـووی: مـن كـارم به‌و نیه ! عبدالرحمن بن ابی بكر الصدیق رضي الله عنهما گوتی: ( ئاخر ئه‌ی عائشه ابن عباس یه‌كه له كوڕه‌چاكه‌كانت، هاتـووه تـا سـه‌ت لێ بـدات ) ئـه‌ویش فه‌رمـووی: ( ئیزنـی بـده‌ن )، ابن عباس چووه ژووره‌وه‌و گوتـی: ( موژده‌ت لێ بێت ئه‌ی دایكه گیان ) و ده‌ستی كرد به مـه‌دح و سه‌نا كردنی ! عائشه‌ش فه‌رمووی: ( ئه‌ی ابن عباس واز بێنه له‌م پیا

هەڵدانـە، بـەو خـوایە پـێم خۆش بوو کە شتێ بام وەبیر کەس ناهاتبام..!! ( رواه البخاری )

۞ ( ذنـون المصري ) بە ڕەحمەت بێت، دەڵێ: ڕۆژێ چووم بۆ دۆڵی کەنعان ، کاتـێ کـە بەسەر بڵندایيەك هەڵچووم، لەە دوورەوە تارمایيەکم بینی کە بۆلای من دەهات و ئەم ئایەتی دەفەرموو: ﴿ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً وَمِــثْلَهُ مَعَهُ لافْتَدَوْا بِهِ مِنْ سُوءِ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَبَدَا لَهُمْ مِنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَــسِبُونَ ﴾ الزمــــر:٤٧ . واتـە: ئەوانـەی کە ستەمکارن ئەگەر خاوەنی هەر هەمـوو زەوی بـن، ئەوەنـدەی تریـشی لەگـەڵ بـێت، لـە ڕۆژی قـیامەتدا هـەر هەمـووی دەکەنـە قوربانـی خـۆیان و هەمـووی دەبەخـشن لـە پـێناوی ڕزگایی خـۆیاندا کاتـێك کـە دەبیـنین سـزاو ئـازاری دۆزەخ زۆر سـەختە، وە لـە لایـەن خـواوە سـزاو ئـازارو شـەکەنجەی وایـان بۆ ئامادە کراوە کە هەرگیز بە تەمای نەبـوون. ئەمــەی ئەفەرمـوو و ئەگـریا، کاتــێ کـە نـزیك بـوويەوە بینـیم کـە ئافـرەتێکە و جلـێکیـە سـووفی لەبـەرە و گۆزەيەکـی لەدەست بوو، گوتی: تۆ کێـیت؟ بەبێ ئەوەی لێم بترسێت، منیش گوتم: غەریبەم! ئەويش گوتی: ئەی فـلان کـەس کـەس هەیـە لەگـەڵ خـوا غـەریب بێت؟! ئەڵێ منیش بەم قسەیە گـریام، پــێی گـوتم: ئـەوە بـۆ ئەگـریت؟ گـوتم: بـە ڕاستی دەرمانێمك هات و بەسـەر بـرینەکەما ڕژا، وا خـەریکـە چـاك بێـتەو، ئەڵێ: ئەويش فەرمووی: گەر ڕاسـت ئەکـەیت ئەم گریانەت بۆچی یە؟ ئەلچێ: گوتم: خوا ڕەحمت پێ بکات، ئایـا ڕاسـت گۆ ناگریەت؟ ئەڵێ: ئەويش فەرمووی: نەخێر، ئەڵێ: پێم گوت: بۆ وا؟ ئەڵێ فەرمووی: چونکە گریان ئاسوودەی دڵە، ئەڵێ منیش بێ دەنگ بووم لە بەردەم ئەو قسە ئەما.

❁ هێندێ لە ساڵحەکان: ئەڵێن: ڕۆژێ من و کەنیزەیەك چووین بۆ بازاڕ لە ڕێگا گوتم: لێرە بە تا دێمەوە، ئەڵێت تاکو گەڕامەوە بینیم کەنیزەکە لە شوێنی خۆی نەماوەو ڕۆیشتووە، ئەڵێت خەریك بوو گومانی خراپی پێ ببەم چون لە جێگەکەی خۆی نەمابوو، ئەڵێ کە چوومەوە ماڵ بینیم وا لە ماڵە، ئەڵێ پێم گوت: ئەو بۆ ڕۆیشتی؟ ئەڵێ گوتم چەندی کردم ئەم شوێنەم بۆ خۆم بە شیاو نەبینی تا یادی خوای تیا بکەم، ئەڵێ کە ئەمەم لێ بینی گوتم: بەو خوایە بۆ من ناشێت کە یەکێکی وەك تۆ بە کەنیزە لای خۆم بهێڵمەوە، بڕۆ تۆ ئازادیت!

❁ خوشکی بشر الحافی، مافووری ئەچنی ڕۆژێك هاتە خزمەت ئیمام أحمد، پێی گوت، هێندێ جار پاسەوانەکانی سوڵتان بەلام دە ڕەت ئەبن و مەشخەڵێك ئاگریان پێیە ئایا درووستە ئەو کاتە من لەژێر ڕووناکی مەشخەڵەکانیان مافور بچنم؟! ئیمام ئەحمەدیش فەرمووی: بۆ تۆ لە ماڵی کێیت؟ ئەویش گوتی ماڵی بشر م، ئەویش فەرمووی: (من بيتكم يخرج ورع الصادق لا تغزلو من مشاعلهم) . واتە: لە ماڵی ئێوە وەرعی ڕاست دەرئەچێت، نا نەکەی لە ژێر ڕۆشنایی ئەوان مافور بچنیت.

❁ ئیمامی غەزالی ( بە ڕەحمەت بێت ) دەڵێ: ئافرەتانی سەلەف بە مێردەکانیان ئەگوت: ( إياك وكسب الحرام، فإنا نصبر على الجوع والضر، ولا نصبر على النار ) إحياء علوم الدين. واتە: نەکەن کارو کاسبی حەڕام بکەن، چون ئێمە ئەتوانین ئارام لەسەر برسێتی بگرین، وەلێ ناتوانین ئارامی لەسەرئاگر بگرین.

لە کۆتاییدا قسەی خۆم ئەخەمە پاڵ ئەم شاعیرە کە دڵێ:

فلو كا النساء كما ذكرنا     لفضلت النساء على الرجال

وما تأنيث لإسم الشمس عيب     وما التذكير فخر للهلال.

واته: گەر ئافرەت وا بن کە ووتمان.... ئەوا ئافرەت باشترن لە پیاوان.

کەوا بوو هیچ عەیب نیە کەنێوی خۆر بە مێ هاتووە و نێوی مانگیش بە نێر.

---

سەرچاوە: عودة الحجاب   محمد احمد اسماعیل المقدم